# گەلێكی شەڕابین!..

ئەرسەلان مەحمود
Arsalan852@yahoo.com

ئـــــارامبگرن..كلۆڵـــــەكان، ئـــــارامگرتن ئاریــــچەی ڕزگاربوونتانـــــە..شــــەڕ بەهاوكوختیـــــەكانتان مەفرۆشن،شەرفرۆشتن بەوان مـاڵوێرانی لێدەكەوێتـەوە، ڕازیـبن..ڕازیبـوون مایـەی زیـادبوونی ڕزق و ڕۆزیتانە، بوەستن تكایە.. ئێرە دارولفەنایەو كاتییە ئەم ژینگەیە، فرمـان بەچـاكەو نـەهی لەخراپەبكـەن،



عــــەیب و عارەكــــانی یـــــەكترو كۆمەڵگاكـــــەتان دەرمەخـــــەن و پەردەپۆشـیانبكەن، لێگـەڕێن تادواپلـەی خەسـتبوونەوە بابەسـەریەكدا بترشێن..ترشان و تێكـچرژان بوونیـادی بنـەڕەتی ئێمەیـە و سـاغبۆتەوە ئێمە گەلێكی شەڕابین، شەڕابێك هەربوتڵێكی عومری هەزاروچوارسـەدو قــــسوورساڵە!..شــــەڕابین و هــــەوێنمان جادووگــــەری و فــــاڵگرەو نووشتەكردنە، ئەوتا لەناوەندێكی خوێندن و پەروەردەی نەوەی نوێـدا، لەناو چوار تانكەری ئاودا، چوارسەد نووشتە دۆزراوەتەوە!!.. نۆشیبكەن، مــرادی ئێمــە ئاوانــەبێ حاســڵ نــابێ..قــەدەرێكی نــەگۆڕین، بــڕۆن بەپابەندبوونی ئەخلاقی وەهمیتانەوە ملكەچبوونی خۆتان لەبەردەمیدا پاساوبدەن!..دووڕیانێكی نـەهاتین و لە ئەزەلەوە هەرواهاتووین..نەسەرەتاو نەكۆتاین، زلزلەی ترشەلۆكێكی پەرت و بلاوین، لەهیچەوە بـۆ هیچ هەمووومان بەگومانەوە لە ڕزگاربوونمان دەڕوانین، ژینێك دەژین بلێی چ بەردەوامبوونێك فەرمووی هاتنمـانی كردبێـت؟!..ملیۆنـەها گیـانی شـەقار شـەقارو جەسـتەیەكی پارچـە پارچـەی وارێكـین كـە هەمووشمانی تێدا كرێچین، بەخۆشیدا ناشكێتەوەو بەهیواشە خۆشمانبوێـت!..وارێكـە، پەنجەرەیـەك و یەك دەروازەی كۆنی هەیە، ئێجگاركۆنە..هەزاروو چوارسـەد جـار پێویـستی بـەگۆڕان هەیـە و هـەزارو چوارسەد جاریش بۆ گۆڕان دەست نادات!..هۆشمەندیمان لەوەدایە تائێستا لەهونەری بوون تێناگەین و بوونی خۆمان نەدۆزیوەتەوە!.. نابێ ئێمەی ئیماندار، بیری ڕووناك و هۆشمەندیمان هەبێت، ساغبۆتەوە گەلێكی شەڕابین و تەنها بەسەریەكدا ترشان ئەو شەڕابیە دەخولقێنێ..ئەو شەڕابەی بۆ خۆخواردنـەوەی خۆمان و خۆراكی سوڵتانەكان دەستدەدات و بەلایانەوە تەنها ڕزاییبووەكان نمونەی مێگەلی چاك وچاپووك و بێزارینین!..باسكردن و خستنە ڕووی هەموو دیاردەو دەركەوتەكان تـەنها ئەگـەربتوانرێ بۆگالتـەجاڕی باسیان بكرێ، بێگومان هەرجۆرە باسكردن و لێدوانێك حەرامەو لەخۆشمان نەپرسیوە بۆ؟!..بۆ كۆمـەڵگاو پیاوانی دەسەڵاتدار دژی گۆڕان و كرانەوەی دەروازەی ترن؟!..بۆ دژی تێكـەڵی ناوەنـدەكانی خوێنـدن و فێركردنین!؟..ئاین چ جۆرە بابەتیەتێكی بۆ قۆناغـەكانی یـەكی سـەرەتایی تاسـەرووتر هەیـە؟!..حـەرام بـوونی هـەموو حـەرامكردوین، هـەموو جولآنەوەیـەك حەرامـە، بازاڕیـشمان پڕیـڕە لەحـەرامخوازی و

حەرامخواردن و چەند ناوەندی کرانەوە هەن، سیٚ ئەوەندە دەزگای بلاٌوکردنەوەی غەیب و خوراٍفاتیش هەن!..چەند قوتابخانەو خویٚندنگاهەن سەدان ئەوەندەش بەندیخانەو چەند مەیخانە، هەزارەها ئەوەندەش مزگەوت و کلیٚسایی تەنانەت سەپیٚنراویش هەن!..دەستەلاٌت باربۆی هەمووشیان دەکات، هیچ سانسۆریٚك لەسەر زۆرینەکان نییەو کەمینەکانیش قانگ دەدریٚن، مەخسەرەیە..شەرٍیٚکەو بەناوی دیموکراسییەوە بەدیموکراسیەت دەفرۆشریٚت، سکۆلارین و تاسەرئیٚسقان لەپیٚناو خۆپاریٚزی پەیوەستی کۆنەخوازی سەرسورٍهیٚنەرین، ئەوەیە حەقیقەتی رٍووت، ئەو رٍووتیەی رٍووتی کردوینەتەوە لەهەموو بەهایەکی مرۆبوون و مرۆ ویستی ئەم سەردەمە، تکایە تکایە..حەرام ئەوەیە مرۆڤ بژی و حەلاٌلیش ئەوەیە گویٚرٍایەلٌ و دەستەمۆبمیٚنین تامانەوەی شەرٍابی بوونمان لەدەست نەدەین..بۆیە پیٚویستە داماوبژین، تالەئاستی جیٚبەجیٚکردنداببین، تکایە دلٌنەوایی یەکتربکەن و جیا لەهەرشتیٚك ئەوەیە رٍیتمی بلویٚرو سەمفۆنیانی ووجودی ئەسلٌ و فەسلٌی فریوودەرو فریووخواردووی ئیٚمە!..ئەی شەرٍاب مودمینی تۆین، دلٌنیابە کەرٍەنگت کالٌناکەینەوە، وەختی پیٚویستی نۆشکردن واپیٚکین بەدەستی شاوگەداو سولٌتانتەوە!..واتیٚنەگەی لەزیکرو فیکری تۆ یاخیبم، ترشان و هەزارئەوەندەش زلٌزلٌەتبیٚ لەکۆنی و نەگۆرٍی هیمۆگلۆبینی لەدەستی رٍاست و چەپمانەوە و دیٚت و دەچی و هیٚزیٚك نییە تۆم لەبیر بەریٚتەوە!...